هاوپەیمانیی مەسیحی: حکوومەتی عێراق لێکۆڵینەوەیەکی شەفاف لە ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەکەی کوت بکات



سکرتێری گشتیی سەرکایەتیی هاوپەیمانیی مەسیحی پەیامێکی هاوخەمی ئاراستەی قوربانییانی ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەکەی شاری کوت کرد؛ هاوکات داوا لە حکوومەتی عێراق و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات پەلە بکەن بۆ لێکۆڵینەوەیەکی شەفاف و پیشەیی.

پێنجشەممە، 17ـی تەممووزی 2025، ئانێ جەوهەر، سکرتێری گشتیی سەرکایەتیی هاوپەیمانیی مەسیحی پەیامێکی هاوخەمی بۆ قوربانییانی ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەکەی شاری کوت دەربڕی و ڕایگەیاندووە، ئەم کارەساتە بە ئازارە، داوایان لێ دەکات هەموان؛ حکوومەت، لایەنە سیاسییەکان، دامەزراوە و تاکەکانی کۆمەڵگە پێداچوونەوە بە ویژانیان بکەن و کار بکەن لەپێناو پاراستنی ژیان و شکۆی مرۆڤ.

ئانێ جەوهەر گوتووشیەتی، هاوپەیمانییەکەیان داوا لە حکوومەتی عێراق و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات پەلە بکەن لە لێکۆڵینەوەیەکی شەفاف و پیشەییانە لەو ڕووداوە دڵتەزێن و جەرگبڕە و بە گیانی بەرپرسانە چارەی هەکارەکانی بکەن.

سکرتێری گشتیی سەرکایەتیی هاوپەیمانیی مەسیحی هاوکات ستایشی ئێستای مرۆیانەی مەسرور بارزانی، سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستانی کردووە بە بەدەنگەوەچوونی قوربانییانی ووداوەکە و دەربڕینی هاوخەمی و پەرۆشی بۆ کەسوکار و خزانەکانیان و کردنەوەی دەرگای نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان بۆ بریندارانی ئەو ووداوە.